# با جارێکی دیکه به دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دابچینەوە

داکشانی نەتەوەیی عەرەب_ کورد

بەرژەوەندیی ئەمریکا

سەرۆ قادر

بەشی سێیەم .... بۆ بینینی بەشی یەکەم و دووەم کلیکی ئێرە بکە.

دوای رووخانی رژێمی بەعس کە مەزهەری شۆڤێنیزم و فاشیزمی ئەم چەرخە بوو، شتێك روویدا کە بەپێچەوانەی گشت پێشبینیەکانە، ئەویش ئەمریکا خۆی کرد بە دەسەڵاتی راستەوخۆی عێراق و لێنەگەڕا حکومەتێکی کاتی و ئینتقالی لە خودی عێراقیەکان پێکبهێندرێ. ئەوەش پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنە بوو کە تا بەر لە دارمانی پەیکەرەکە بەسەر زاری ئەمریکاوە بوو.

ئەوەی لە دەربڕینە جیاجیاکانی دەستڕۆیشتوانی ئەمریکا دەبیسترێ، ئەوان گەرەکیانە زۆر لەم ولاتەدا بمێننەوەو جیا لە هێنانەدی ئامانجەکانی دیکەیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕست، عێراقیش بەجێناهێلن تاکو بەپێی پرۆژەکانی سیاسی و فەرهەنگی و ئیداری ئەوان دانەڕژرێتەوە. وەك خۆیان دەڵێن عێراق دەکەنە ئەو مۆدیلەی کە بۆ ولاتانی رۆژهەلات دەیانەوێ. بیانوشیان ئەوەیە کە تیرۆر هەر لە رێی گۆڕانکاریی ریشەیی لەم چەشنە بنەبڕ دەکرێ. ئەو پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لە بەرامبەر پەرلەمانی ئەڵمانیا راگەیەندرا. دووریش نیە نیازی بۆش لە راگەیاندنی نەخشەیەکی جیهانی لەم بابەتە لە رایشتاخ دا نیشاندانی لێبڕاوی و هێزی ئەمریکا بێت، ئەڵمانیاش بکاتە نموونەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان کە نەك هەر داگیریان کرد بەڵکو هەند لێی مانەوە تا لەو سیستەمە دڵنیابوون کە دەیانویست، سوپاکەشیان تا ئیستا لەوێ بالادەستە.

دەبێ بشلێم تێڕوانینی عەرەب و کوردان بۆ جێگیر بوونی ئەمریکا لە رۆژهەلات وەکیەك نیە چونکە عەرەب دژی وەستاون و بە داگیرکاری دەزانن بەلام کورد کە هەر لەبنەڕەتەوە نیشتمانەکەی بەدەستی میللەتانی دراوسێی داگیرکراوە، هاتنی ئەمریکا بە فرسەتێك دەزانێ کە دەرفەتی رزگاربوون لە تواناوەو کۆکوژی بۆ رەخساندووە. مانەوەی ئەمریکا لە روانگای کوردان دەبێتە هۆکاری دەرفەت و پشودان تا خۆیان کۆبکەنەوەو برینەکانیان سارێژ بکەنەوەو لەو نەخشەیەی کە بۆ دارشتنەوەی رۆژهەلات لەدەست ئەمریکا دایە شوێنی لایقی خۆیان بگرن و سەربەخۆیی نیشتمانی و رزگاری نەتەوەیی خۆیان بێننەدی. بۆیەش بەپێچەوانەی عەرەبان کە گوللە بە سوپای ئەمریکا وەدەنێن، کورد گوڵیان بۆ دەبەن و بە شایلۆغان پێشوازیان دەکەن. ئا ئەوها دوو میللەت بە دوو ستراتیژیی لێکجیا لە ناو چوارچێوەی دەولەتێکی لێکهەڵوەشاودا رەفتار دەکەن.

نابێ ئەم حاڵەتە بە دژایەتی نێوان کورد و عەرەب لێکبدرێتەوە، بەڵکو دەبێ بەرژەوەندی لێکجیای ئەوان بزاندرێ و بەیەك پێوەر و یەك سیستەمی سیاسی چارەنووسی هەردووکیات شەتەك نەدرێتەوە چونکە بەرژەوەندی جیا مانای دوژمنایەتی نیە.

لەلایەکی دیکە هەردوو نەتەوەی سەرەکی داکشانی نەتەوەیان بەرەو دەرەوەی دەوڵەتی عێراق هەیە و بۆناو دەوڵەتانی دەوروبەر شۆڕ دەبنەوە. عەرەبی عێراق خۆی بە بەشێکی نەتەوەی گەورە دەزانێ کە لە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیدا نیشتەجێن و داهاتوی خۆی لە یەکگرتنەوە لەگەڵیان لە ناو دەوڵەتێکی گەورەی ئەوتۆ دەبینێتەوە کە لە زەریا تا کەنداو بگرێتەوە. ئەوە جیالەوە ئەم میللەتە بەپێی فەرمانی دینەکەی کە ئاینی میللەتی کوردیشە، خۆی بە خاوەنی پەیامێکی ئیلاهی دەزانێ و زمان و کولتورەکەشی بە بالادەست دادەنێ و پێیوایە دەبێ هەموو مرۆڤایەتی تەسلیمی ئەو پەیام و کولتورە ببێ و میللەتان لەناویدا بتوێنەوە. هەر ئەو روانگایەشە لەم زەمانەدا عەرەبی خستۆتە بەرەنگاربوونەوەی هەموو عالەم.

کەچی میللەتی کورد یەکێکە لە نەتەوە کۆنەکانی رۆژهەلات و بەدرێژایی مێژووی خۆی هەر بندەست بووەو وێڕای گەلانی دیکەی دراوسێی، بە خۆگونجاندن و ژیانبردنەسەرەوە خەریك بووە. هەربۆیە گیانی دەستدرێژی و چاوبڕینە سەر میللەتانی دیکەی تێدا دروست نەبووەو لەپێناوی مانەوەی خۆی ناچاربووە لەگەڵ نەتەوەو کەمایەتیە دراوسێکانیدا هەڵبکات و هێدی هێدی لە سەرزەمینی خۆیدا دەرفەت بۆ بوژانەوەی فەرهەنگی کەمایەتیەکان بڕخسێنێ و سەرەنجام مۆرکی کولتوریی خۆی لە مۆزائیکێکی نەخشان و هەمەڕەنگ نزیکبخاتەوە. ئا لەوەوەیە کە کورد راستەوخۆ ئازاری کەمایەتیە دینیەکانی نەداوەو تا ئێستاش باشترین پەیوەندی مێژووکردی لەگەڵ پاراستوون. کاتێکیش کە بزووتنەوەی نەتەوەیی هاتەکایەوە، سەرکردەکانی کورد لە فکرو کردەوەدا ئەم کەلەپورەیان پاراست. لە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییدا مافی کەمایەتیەکانیشی گەڵاڵە کردووەو لە تێکۆشاندا

هاوکاری کردون. هەرلەوەشەوەیە کە شێخ عوبەیدولآی نەهری و سەید رەزای دەرسیم و شیخ مەحمودی حەفیدو مستەفا بارزانی تا دەگاتەمەسعود بارزانی ژمارەیەکی زۆر لە هاوکارە نزیك و شۆڕشگێڕەکانیان جو و ئەرمەنی و ئاسوری و کلدانی بوون. وەك تەساموح و پێکەوەژیان لە فەرهەنگی کوردانداا مێژووکردە، لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیشدا ناچار بووە لەپێناوی سەربەخۆیی و پاراستنی وجودی نەتەوەیی پەنا بۆ بەر بیروباوەڕیی رزگاریخوازی و دیموکراتی بەرێت. کوردستان بەدرێژایی سەدەیەك مەکۆی شۆڕشگێڕانی هەمەچەشن بووە. ئەم بزووتنەوەیە بە ئەمانەتەوە پابەندی خۆی بە ئاشتیخوازی و برایەتی نەتەوەکان و چارەنووسی هاوبەش لە ناچەکەدا راگرت و جارێك تووشی توندڕۆیی و کردەوەی توندوتیژیی ئەوتۆ نەبوو کە بۆنی تیرۆری لێبێت. ئەوە سەرباری سیاسەتی کۆکوژی و راگواستن و سڕینەوەی مۆرکە نەتەوەییەکەی بەدەستی حکومەتەکانی داگیرکاری دراوسێی.

کوردیش وەك عەرەبان داکشانی نەتەوەیی بۆ سێ ولآتی دراوسێی هەیە کە لە هەموویاندا بزووتنەوەی رزگایخوازی نەتەوەیی براکانی بەردەوام بووە. یەکگرتنەوەو ئاواتی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کوردان نیازێکی دێرینەیە کە لەمەولا پێنگاڤ بە پێنگاڤ لە واقیع نزیك دەبێتەوە. کوردی باشور ناتوانن بەرامبەر بە چارەنووسی براکانیان بێدەنگ بن بەلآم وەك هەمیشە عاقلآنە بەرخورد دەکەن و لە رووداوەکانی ناوچەکە سود وەردەگرن. بەم چەشنە کورد هاوپەیمانی درێژخایەنی ئەمریکاو ئەوروپا دەبێ و دەتوانێ بۆ سەلماندنی وجودی خۆی بەرژەوەندی ئەوان رەچاو بکات. وەك دیارە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی لە دۆستانی وەك کورد بێمنەت نین.

میللەتی ئەمریکا لە زۆر رووەدا جیاوازی لەگەڵ میللەتانی دیکەدا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە کوردانەوە هەبێ دەبێ بزانن ئەمریکایی لە فەرهەنگی خۆیاندا لەسەر تواندنەوەو تێکەڵاوبوونی زمان و دین و قەبیلەکان دروست بوون. تاکە میللەتێکە زۆر خۆی بە مێژووەوە خەریك ناکات و زیاتر چاوی بڕیوەتە ئەمڕۆ و سبەی. ئەوان نان بەنرخی رۆژ دەخۆن. بۆیە جیالەوەی دەبێ دڵنیایان بکەین کە بەرژوەندیان ناخەینە مەترسیەوە بە مەرجێك ئامانجە نەتەوەییەکانمان لەبەرچاو بگرن. بەوشك وبرنگی ئێمە بە بەشێك لە میللەتی عێراق نەزانن چونکە یەك میللەت نین. لەگەڵ عەرەب دەتوانین پێکەوە بژین بەلآم دەبێ لەسەر بنەمای هاوبەشییەکی بەرابەر و لەسەر بنەمای قانون بێت. لەو عێراقەی بە درێژایی مێژووی خۆی ئارامیی نەدیت و دیموکراسی نەهات و سەرەنجام بووە مەڵبەندی تیرۆر و دەستدرێژیی، دوو میللەت دەژین کە یەکێکیان هەمیشە زوڵمی لێکراوەو دواجار مەجالی ژیانی لەبەردەم لابرا، ئەویش کوردە. بۆیە لە عێراقی نوێدا دەبێ دوو نەتەوەی خاوەن دوو نیشتمانی لێکجیا بەدوو حکومەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە هاوبەشی کۆببنەوە.

بەم گوێرەبێ تائێستا ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئێمە کۆتاییان نەهاتووە، بۆیە دەبێ دەست بە سەرکردایەتی هاوبەشی نەتەوەیی بگرین تا وەك نوێنەری شەرعی میللەتەکەمان لەگەڵ ئەمریکا لە دان و ستاندن دابێت. ئەمە باسێکی گرنگە بۆیە زیاتر لەسەری دەڕۆم.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.